# ئاین (ئاینداری) ئاسانە، هەرکەسێک ئاینداری لەسەر خۆی گران بکات وبە زیادەڕەوی وزۆر بە توندی بیگرێت؛ ئەوا ئاینەکە کۆڵی پێدەدات

لە ئەبی هورەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «ئاین (ئاینداری) ئاسانە، هەرکەسێک ئاینداری لەسەر خۆی گران بکات وبە زیادەڕەوی وزۆر بە توندی بیگرێت؛ ئەوا ئاینەکە کۆڵی پێدەدات، جا بۆیە ڕێگای ڕاست بگرن وئەوەندەی بۆتان دەکرێت لە ئەنجامدانی چاکەکاری درێغی مەکەن، ومۆژدەتان لێبێت، وتێبکۆشن بۆ خودا پەرستی لە بەیانیان وپاش نیوەڕوان وکاتێك لە شەواندا».
[صەحیحە] [بوخاری گێڕاویەتیەوە]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ڕوونیدەکاتەوە کە ئاینی ئیسلام لەسەر ئاسانکاری بنیات نراوە لە هەموو شتێکیدا، وئەم ئاسانکاریە زیاتر جەختی لەسەر دەکرێتەوە لەکاتی بێ توانایی وپێویستی، چونکە قووڵبوونەوە لە کاروبارە ئاینیەکاندا ودوورکەوتنەوە لە نەرمونیانی سەرەنجامەکەی بێ توانایی وپچڕان دەبێت لە هەموو کردەوەکە یان هەندێکی، پاشان پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ئامۆژگاری کرد بە میانڕەو بوون وزیادەڕەوی نەکردن؛ بۆیە نابێت بەندە کەمتەرخەم بێت لەوەی فەرمانپێکراوە، ونابێت ئەرکێك بخاتە سەرشانی خۆی کە لە توانایدا نەبێت، ئەگەر نەیتوانی کردەوەکە بە کامڵی ئەنجام بدات؛ ئەوا هێندەی ئەنجام دەدات کە لە توانایدایە ولە کامڵێتی نزیك دەبێتەوە. وپێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- مۆژدەی دا بە پاداشتی زۆر لەسەر کردەوەی بەردەوام ئەگەرچیش کردەوەکە کەم بێت دەرهەق بە ئەوانەی ناتوانن بە کامڵی ئەنجامی بدەن؛ چونکە ئەگەر خۆی هۆکار نەبێت بۆ بێ توانایی ئەوا پاداشتی کەم ناکرێتەوە. ودونیا لەڕاستیدا شوێنی سەفەرکردن وگواستنەوەیە بەرەو قیامەت بۆیە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرمانیکردووە بە بەردەوامبوون لەسەر پەرستنەکان بەتایبەتی لەو سێ کاتەی مرۆڤ تێیاندا چالاکە: یەکەم: بەیانی: بە ڕۆیشتن لە نێوان نوێژی بەیانی ودەرچوونی خۆر. دووەم: پاش نیوەڕوان: بە ڕۆیشتن لە پاش زەوال -پاش لادانی خۆر لە نیوەی ئاسمان-. سێیەم: شەوان: بە ڕۆیشتن لە هەموو شەودا یان لە هەندێکیدا، چونکە کردەوەی شەو قورسترە لە کردەوەی ڕۆژ بۆیە فەرمانیکردووە بە ڕۆیشتن لە بەشێکیدا کاتێك دەفەرموێت: (وکاتێك لە شەواندا).



النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee